# دەرکەوتنی کات و شوێنی ئوستوورەیی، لە نەریتە مۆسیقاییەکانی تایبەت بە خانەقاکانی کوردستان

**ژیلا ڕەحمانی (١)**

**(سنە)**

**( ١- ٢ )**

**پوختەی وتار**

**مەبەست:** مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە شیکردنەوەی ڕۆڵی نیشانەیی کات و شوێن لە بۆنە جیاوازەکانی تایبەت بە خانەقاکانی کوردستان و ناسینەوە و پۆلێنکردنەوەی ئەو چەمکە ئاڵۆزانەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئامێرە ڕێدراوەکانی نێو خانەقاکاندا بەدی هاتوون. تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی لەو چەند ڕێبازە سۆفیگەریەن کە لە سەردەمی ئیسلامدا سەریان هەڵداوە و توانیویانە تا ئێستاش لە بەشێک لە کوردستان، درێژە بە بەردەوامێتی ئایینی خۆیان بدەن. بەکارهێنانی مۆسیقا لە بۆنە جیاوازەکان و سەما و زیکری بەکۆمەڵ، تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم تەریقەتانەن. دەرئەنجامی ڕێککەوتنی ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی دروستبوونی حاڵەتێکی ڕوحی جیاواز لە هەندێک لە موریدەکان کە لە دەربڕینی سۆفیانەدا بە (جەزبە) ناسراوە. ماوەی جەزبە کورتە و زیاتر لە نیو کاتژمێر ناخایەنێ.

ئەم ئەزموونە لەگەڵ هاواری لەسەریەکی موریدەکان و خۆهەڵدان و بازدانی ئەواندایە. لێدانی دەف، تاس، دووتەپڵە و شمشاڵ لە نەریتە جیاوازەکانی نێو خانەقاکاندا گرێدراوی کۆمەڵێک کرداری دەروونی و هەندێ بیروڕای کۆن و مێژووییە. بەکارهێنانی ئامێری موزیک لە ئەنجامی زۆربەی نەریتەکان، شێوازی تایبەتی سەمای ئایینی، زیکری بەکۆمەڵ و پشتبەستن بە کاتی دیاریکراو لە جێبەجێ کردنیاندا.

ئەم توێژینەوە بەرەوڕووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە کە ئاماژە کاتی و شوێنییەکان لەم تەریقەتانەدا بە چ مانەیەکن و چ بیرۆکەگەلێک لە خۆ دەگرن؟ ئەم وتارە لە سەر چۆنێتی دروستبوونی گوتارێکی عیرفانی ئیسلامی دەدوێت کە بنەماکانی خۆی لە سەر بناغەیەکی ئوستوورەیی داناوە و بە درێژایی سەدان ساڵ توانیویەتی لە سەر هەمان چوارچێوە درێژە بە ژیانی فەرهەنگی خۆی بدات.

**پەیڕەو:** ئەم وتارە لە ڕووی جۆری لێکۆڵینەوەوە، چۆنێتی و لە شێوازی جێبەجێکردنی وەسفی- لێکدانەوەییە. کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە دوو

شێوازی کتێبخانەیی و چاوپێکەوتن دەکرێت. داتاکانی وتارەکەش بەپێی ئەزموونی کەسی و بەشداری لە دابی زیکر و سەمای ئایینی خانەقاکانی نەقشبەندی لە شاری سنە و گفتوگۆ لەگەڵ موریدەکاندا کۆبووەتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و دۆزینەوەی لایەنە نیشانەییەکانی ئامێرەکان و دانیشتنی زیکر و سەما لە تەریقەتەکاندا سوود لە بیردۆزی میرچا ئیلیادە وەرگیراوە. لە دەزگای هزری ئیلیادەدا دووانەی پیرۆز و ناپیرۆز بە شێوازێکی هەست پێ نەکراو سێبەری خستووەتە سەر ئەم دنیایە و هەر شتێکی تێدایە. لەبەر ئەوەی کە هێماکانی ئەم دژبەریە، لای مرۆڤی ئایینییەوە قووڵترن، بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود لەم دژبەریە وەرگیراوە.

**دەرئەنجام:** دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخەنە بەردەست کە کات و شوێن لە نەریتە ئایینییەکانی نێو خانەقاکاندا، دەربڕینێکی نوێ لە کات و شوێنی ئۆستوورەیین و تەریقەتەکان لە ڕێگەی پچڕاندنی کات و شوێنی فیزیایی و بەجێ گەیاندنی هەندێک هەڵسوکەوتی سیمبۆلیک بۆ چوونە ژوورەوە لە جیهانی پیرۆز ئامادەکاری دەکەن. دەربڕینی نیشانەی تایبەت بە کات و شوێن لە ڕێوڕەسمە جیاوازەکانی نێو خانەقاکان، بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر دەرکەوتوون. لەوانەیە پەرچدانەوەی شێوەی ئەندازەیی بازنە لە فۆرمی ئامێرەکان و لە شێوازی سەما و زیکری بەکۆمەڵ، لە لێدانی نیشانەیی ئامێرەکان و لە دووبارەکردنەوەی بۆنەکاندا.

**وشە سەرەکییەکان:** نەریتەکانی کوردستان، موزیکناسی گەلان، خانەقاکانی قادری و نەقشبەندی، ئامێرەکانی موزیک، کات و شوێنی ئۆستوورەیی.

## دەستپێک

بە پێی ئەوەی کە باوەڕدارانی هەر ئایین، یان بیروباوەڕێکی کۆن ناچاربوون تا نەریتە ئایینییەکانی خۆیان لە کاتی دیاریکراودا بەجێ بێنن، دەکرێ بوترێ کە دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و چۆنێتی جێبەجێکردنیان، لە سەر بناغەی بیروباوەڕی تایبەت بە هەر کامەیان دامەزراوە. تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندیش وەک لقێک لەو چەند ڕەوتە سۆفیگەرییەی کە لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی کۆچی مانگییەوە لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی وەکوو کوردستان سەریان هەڵدا، لەم یاسایە بەدەر نەبوون. بەپێی ئەوەی کە زۆربەی نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکان لەگەڵ بۆنە ئیسلامییەکاندا گونجاون، دەکرێ بوترێ کە ئەم ڕێبازانە پاش هاتنیان بۆ ناوچەکە، لە فەرهەنگی ئەوێ تواونەتەوە و لە پێکهاتەی فۆرمی خۆیاندا هەندێک لە هێما دێرینەکانیان دووبارە کردووەتەوە.

سەرەکیترین نەریتی تایبەت بە خانەقاکان، ئەنجامی نەگۆڕی دانیشتنی زیکری هەفتانەیە، هەرچەندە هەندێ بۆنەی دیکەش هەن کە لە هەلی جیاوازدا و جارنەجارێ بەڕێوە دەچن. بەردەوامێتی لە نەریتەکانی خانەقاکاندا، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. هەموو نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکان پاش ماوەیەکی کاتی دووبارە دەکرێنەوە و هیچ نەریتێک نییە کە تا ئێستا تەنیا یەک جار بەڕێوەچووبێ. سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم نەریتانە، ڕێکەوتنی ئەوان لەگەڵ لێدانی ئامێرەکانی موزیک و سەمای سۆفیانەیە. لە نەریتەکانی نێو خانەقاکاندا لەئامێرگەلی دەف، دووتەپڵە، تاس و شمشاڵ سوود وەردەگیرێ. ئاشکرایە کە لە چوونەژوورەوەی ئەم ئامێرانە

بۆ نێو خانەقاکان(٢) ئەقڵییەت و هزرێکی تایبەت دەستی بووبێ کە لە نێوان ئەو ئامێرانەی کە لە ناوچە کوردییەکاندا باو بوون، تەنیا ئەو چەند ئامێرە پەسەند کراون. لەگەڵ ئەوەی کە لە دێرزەمانەوە بێدەنگی و تەنیایی گرینگییەکی بەرچاویان لە تەواوکردنی قۆناغەکانی کامڵبووندا هەبووە، دانیشتنەکانی زیکر و سەمای تەریقەتەکان، بەشێوەی بەکۆمەڵ بەڕێوەدەچن. زیکر و سەمای ئایینی لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی بەشێوەی بەکۆمەڵ، بازنەیی و لەگەڵ جووڵاندنی هێواش و بەردەوامی سەر و لەشی دەروێشەکان و سۆفییەکاندایە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە کە لە بەکارهێنانی ئامێری موزیک و ئاماژە بە کات و شوێن لە تەریقەتەکاندا چ مانایەکی هەیە و چ بیرۆکەگەلێک شاراونەتەوە؟

## پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو

تا ئێستا چەندان توێژینەوە لەسەر بیروڕاکانی ئیلیادە لە بوارەکانی دیناسی و ئەدەبیاتدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی لەسەر بیروڕاکانی ئەو کراوە، بۆیە توێژینەوەکانی بواری موزیکناسی سەرەکیترین سەرچاوەی ئەم وتارەن. لە وتاری «مۆسیقای پیرۆز لە نەریتی گواتی و سەما» (فاتمی، ١٣٧٨) نووسەر پاش خستنە ڕووی ئەو سۆنگە جیاوازانەی کە لەسەر وشەی (وەجد) هەیە، دەستدەکات بە بەراوردکردنی هەر دوو حاڵەتەکە و لێکدانەوەی دەوری مۆسیقا لە بەدیهاتنیان. نامەی ماستەری گووشبۆڕ بە ناونیشانی «خوێندنەوەی ئەرکەکانی سەمای ئایینی لە تەریقەتی قادریدا» (گووشبۆڕ، ١٣٩٢) بەدرێژایی، شیکردنەوەی فۆڕمی سەما و ئەرکەکانی، سەرنجی داوەتە سەر مۆسیقا و شیعر لە تەریقەتی قادریدا. نامەی «بەکارهێنانەکان و ئەرکەکانی دەف لە خانەقاکانی موکریان (ماملێ، ١٣٩٦) لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئامێری دەف لە نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکانی ناوچەی موکریان دەدوێ. ماملێ ئەو نامەیە بەپێی بیردۆزی ئەرکخوازانەی ئالێن مێریام ئامادەکردووە. (دەف) ناوی کتێبێکە پاش وەسفکردنی فۆڕمی دەف، دەستی داوەتە شیکردنەوەی مەقامە باوەکانی ئەم ئامێرە لە خانەقاکانی کوردستاندا (موحەممەدی، ١٣٧٩). وتاری «مرۆڤناسی ڕێبازی قادری لە ناوچەی هەورامان» (موستەفایی و مەنسووری موقەددەم، ١٤٠٠) لە ڕێگەی مرۆڤناسانەوە سەرنجی داوەتە بابەتەکە. ئەم وتارە لە پێگەی ئێستاکەی ئەم تەریقەتە لای خەڵکی هەورامان دەدوێ و باس لە گرینگییەک دەکات کە ئەم ڕێبازە عیرفانییە لە پێکهێنانی یەکگرتوویی ناوچەکەدا هەیبووە. سەرەڕای ئەو توێژینەوانەی کە کراون، هیچکامیان تایبەت بە ڕێبازی نەقشبەندی نین و تەنیا لە درێژەی باسەکەی خۆیاندا ئاوڕێکی کورتیان لێ داوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش زۆرترین بەشی ئەم لێکۆڵینەوانە، یان تەنیا تەرخان کراونەتە سەر یەک بابەت- مۆسیقا یان سەما -، یان خوێندنەوەیەکی ناتەواوی بابەتەکەی ئەم وتارەن.

ئامانج لە نووسینی ئەم وتارە تاووتووکردنی نیشانەناسانەی نەریتە ئایینییەکانی تایبەت بە خانەقاکانی قادری و نەقشبەندی بە جەختکردن لە سەر دەوری کات و شوێن و خوێندنەوەیەکی قووڵتر لەوانە.

## بنەمای تیۆری

میرچا ئیلیادە (١٩٠٧- ١٩٨٦ ز) ئۆستوورەناس و لێکۆڵەری ئایین، لە ڕوانگەیەکی ئۆستوورەییەوە

دەستی داوەتە لێکدانەوەی مرۆڤ و پێگەی ئەو لە جیهاندا. ئیلیادە گونجاوبوونی هزری مرۆڤ لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە چۆنێتی پێوەندی ئەو لەگەڵ جیهان و جێگەیەک دەبەستێتەوە کە لە هزری ئەودا هەبووە (عیلمی، ١٣٩٣).

بە ڕای ئیلیادە تێگەیشتنی مرۆڤ لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی نیشانەیی و ڕەمزی کۆدکراوە (هەمان)، بۆیە تێگەیشتن لەم جیهانە پێویستی بە شکاندنی کۆدەکان، واتا دۆزینەوەی واتاکان و لێکدانەوەی ئەو ڕەمزانەیە کە لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و نیشانە پێوەندیدارەکانیانەوە شاردراون. یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی نێو سیستمی هزری ئیلیادە کات و شوێنی ئۆستوورەیین کە ئیلیادە بۆ دوو بەشی پیرۆز و ناپیرۆز دابەشیان دەکات.

بەڕای ئیلیادە ئەم پۆلێنکردنە لە هزری هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەڵام لای مرۆڤی ئایینی دیارترە. هۆکارەکەشی بۆ ئەو پێویستییە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤی ئایینی هەمیشە بۆ نزیکبوونەوە لە خودا کردوویەتی (ئیلیادە، ١٣٧٥: ٦٩). ئیلیادە بۆ شرۆڤەی ئەندێشەی ئۆستوورەیی لە کاتدا، سوود لە دوو دەربڕینی هێڵی و بازنەیی وەردەگرێ. ئەو ڕەوتێکی ڕاستە هێڵی بۆ ئەم کاتە ڕەچاو دەکات و بە ناپیرۆزی دەزانێ (ڕەحیمیان، ١٣٧٩). کاتی هێڵی بۆ هەمیشە بە شێوەی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو بووە و بۆ هەتاهەتایە هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، بەڵام جەوهەری کات لە پێکهاتەی بازنەییدا سووڕی و پەیڕەوداره و بۆی هەیە تاکوو بێشومار دووبارە ببێتەوە (ئیلیادە، ١٣٧٥: ٥٥).

لە بەرانبەرییەوە ئیلیادە چەمکی شوێنی پیرۆز بە هەڵوێستی مرۆڤەکان و لێکدانەوەی ئەوان لە جیهانی ماددی گرێ دەدات. ئەو لە سەر ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤەکانی سەردەمی کۆن زۆرتر حەزیان لێ بووە تا لە جیهانی لاهووت نزیک ببێتەوە، شوێنی پیرۆز تایبەت بە کۆمەڵگە نەریتییەکان دەزانێ. لای ئیلیادە غەریبیکردنی مرۆڤ بۆ شوێنی لەدایکبوون، یان هەر جێگەیەکی دیکە کە بە هۆکاری جیاوازەوە هەستێکی تایبەتی تێدا بورووژێنێ جۆرێک لەم هەڵسەنگاندنە دەزانێ، هەرچەندە مرۆڤی هاوچەرخ هیچ جۆرە مەعریفە و زانیارییەکی لەسەر ئەم بابەتە نییە.

بەپێی بۆچوونی ئیلیادە، لە دەرکی ماددیدا شوێن دیاردەیەکی ئاسایی و پووچەڵە، بەڵام لە هزری ئۆستوورەییدا شوێن ناهاوچەشنە و هەندێک لە بەشەکانی لە چاو ئەوانیتر گرینگترن (هەمان: ٢١). ئیلیادە جێگەیەکی بەرز بۆ شوێنی پیرۆز دادەنێ و بەهێزتری دەزانێ. ئەو لە پێناسەی شوێنی ناپیرۆزدا لە سیفەتەکانی بێ بنیاد، ناجێگیر و شپرزە سوود وەردەگرێ (هەمان). لە لای ئەوەوە ناسینەوە و دۆزینەوەی شوێنی پیرۆز، گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە بە بێ شوێنی پیرۆز، هیچ شتێک دەست پێ ناکات و هیچ شتێک بە ئەنجام ناگات (هەمان: ٢٢). لای مرۆڤی ئایینی بازنەییبوونی کات و ناهاوچەشنبوونی شوێن پیرۆزە و ئەم دوو جیاکارییە لەگەڵ نەمری و بێپایانیدا دەیبەستنەوە.

## دانیشتنی هەفتانەی زیکر لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندیدا

ڕێبازی قادری لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتی کۆچی مانگی لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە (دەروێشی، ١٣٨٤: ٣٩٥). بانگەشەکاری ئەم تەریقەتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (٥٦١

-٤٧١ ک.م) ناسـراو بـە (غەوسـی گەیلانی)یـە. دەسـتپێکی ئـەم تەریقەیـە بـۆ حەزرەتـی عەلـی (ڕ.خ) دەگەڕێننـەوە. بەشوێنکەوتووەکانی قـادری دەڵێـن دەروێـش. زیکـری دەروێشـەکان بـە پێوەیـە و لەگـەڵ حەیکـردن دایـە. دامەزرێنـەری تەریقەتـی نەقشـبەندی بەهائەددینـی نەقشـبەندی (٧٩١-٧١٧ ک.م) ناسـراو بـە شـای نەقشـبەندە. پـاش پێغەمبـەر لـە سیلسـیلەی ئـەم تەریقەتـە، لـە حەزرەتـی ئەبووبەکـر (ڕ.خ) نـاو دەبـرێ. بـە شـوێنکەوتووەکانی نەقشـبەندی دەڵێـن سـۆفی خەتمـە، زیکـری سـۆفییەکان، لـە بێدەنگیـدا و بـە دانیشـتنەوە دەکـرێ. وادیـارە کـە لـە بناغـەی هـزری ئـەم دوو تەریقەتـەدا جیاوازییەکـی ئەوتـۆ نەبـێ. یەکەمینیـان تەسـەوفێکی عاشـقانە لەگـەڵ وەجـد و سەرمەسـتی و ئـەوی تـر ڕێبازێکـە کـە سـەرنجی داوەتـە سـەر دابونەریـت و زیکـر و تەسـبیحات (گووشـبۆڕ، ١٣٩٢: ٢٩).

سـەرەڕای بڵاوبوونـەوەی کوردانـی سـوننە لـە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا کولتوورێکی هاوچەشـن لەسـەر تەکیـەکان و خانەقاکانـی ئـەم دەڤەرانـەدا زاڵ بـووە. دانیشـتنەکانی زیکـری قـادری لـە مەهابـاد، بانـە و سـنە جیاوازییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ تەکیەکانی عامـوودا نییـە (Bru-inessen, 1992: 237). ئێسـتاکە نەریتـی سـەما لـە خانەقاکانـی نەقشـبەندی بەهەمـان شـێوازی تەکیەکانـی قـادری بەڕێوەدەچـێ. دەوتـرێ کـە لـە کاتـی دەستنیشـانکردنی شـێخ حیسـامەددینی نەقشـبەندی (١٢٧٨ - ١٣٥٨ ک.م)، هـەر دوو تەریقەتەکەیـان خـەڵات کـردووە (گفتوگـۆ لەگـەڵ خەدیجـە سـوبحانی، ٢٠ گەلاوێـژی ١٤٠٠)، بۆیـە لـە شـێخی حیسـامەددین بـەولاوە، لانیکـەم لـە خانەقاکانـی نەقشـبەندی لـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان، بێجگـە لـەو زیکـرەی کـە سـۆفییەکان لـە بێدەنگیـدا و بـە داخسـتنی چـاو جێبەجێـی دەکـەن، سەمایەکیشـیان هەیـە کـە بـە پێـوە دەکرێ و لەگـەڵ لێدانـی تـاس، دەف و دوو تەپڵـە بەڕێوەدەچـێ.

وادیـارە کـە لـە سـەرەتاکانی یەکگرتنـی هـەردوو تەریقەتەکـە، بەکارهێنانـی ئامێـری موزیـک لـە خانەقاکانی نەقشـبەندیدا بـاو نەبووبێ. بەکارهێنانی ئامێرگەلـی دەف و تـاس لـە خانەقاکانـی نەقشبەندی دیاردەیەکی تازەیـە (دەروێشـی، ١٣٨٤: ٤٠٠). بەپێی قسـەکانی قادیـر جـان، کولتوورێکـی مۆسـیقایی هاوچەشـن لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەسـەر خانەقاکانـی تورکیـا و سـووریادا زاڵـە (٣ کانوونـی دووەم ٢٠٢٣). ئەو بۆ خۆی چەندان جار تەماشاکەری بەڕێوەچوونـی نەریتـی زیکـری تەریقەتەکانـی قـادری و نەقشـبەندی لەگـەڵ ئامێرەکانـی موزیـک لەسـەر شـەقامەکانی ئـەو دوو هەرێمـە بـووە.

هەرچەنـدە بەڕێوەبردنـی زیکـری هەفتانـە لـە خانەقاکاندا چەندان قۆنـاغ لەخۆ دەگرێ، تەهلیلـە، خەتمـە و قیـام بەشـی سـەرەکی لـە بەڕێوەبردنـی هەموویانـە. زیکرەکانـی تەهلیلـە و خەتمـە بـە دانیشـتنەوە و لەگـەڵ جووڵـەی بەردەوامـی سـەر لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ، یـان لـە بانـەوە بـۆ خـوار دەکـرێ، بـەڵام زیکـری قیـام بـە پێـوە دەکـرێ و لەگـەڵ جووڵـەی بەردەوامـی سـەر و تـەواوی لەشـی موریـدەکان لـە بانـەوە بـۆ خـوار و لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ، بـۆ بەجێگەیاندنـی زیکـری تەهلیلـەش کـە لـە نێـوان هـەر دوو ڕێبازەکـەدا بـاوە، دەروێشـەکان و سـۆفییەکان هـاوکات لەگـەڵ ناردنـی سـەڵەوات، بـە شـێوازی بازنەیـی لـە تەنیشـتی یەکتـر و لەسـەر چـۆک دادەنیشـن و یەکدەنـگ لەگـەڵ خەلیفەکـە زیکرگەلێـک وەک «لاالەاللـە»، «اللـە»، «یـا اللـە» و «اللەاللـە» دووبـارە دەکەنـەوە. ئـەم خەتمـە تایبـەت بـە نەقشـبەندییەکانە و لـە نەریتـی

قادریدا بوونی نییە. ئەزموونی عیرفانی ئەم زیکرە بە دووبارەکردنەوەی زیکرەکان، سەرجووڵاندنی بەردەوام، بێدەنگی و لێرامان دایە. خەتمکردنی وەکوو تەهلیلەیە، بەو جیاوازییە کە بێجگە لە بیرکردنەوە و دووبارەکردنەوەی زیکرەکان، سیلسیلەی ئەم تەریقەتەش دەخوێنرێتەوە. سۆفییەکان لە درێژایی ئەو زیکرەدا چاوەکانیان وێک دەنێن و لە کاتی مەرگی خۆیان و کۆتاییهاتنی دنیا ڕادەمێنن.

دەستپێکی زیکری (قیام) کە سەمای دەروێشانیشی پێ دەڵێن لە هەردوو تەریقەتەکەدا باوە. ئەم زیکرە بە ٢/٤ی دەفەوە دەست پێ دەکات. دەروێشەکان کە تا ئێستا دانیشتبوون هەڵدەستنە سەرپێ، دەستی یەکتری دەگرن و بە دەوری خەلیفەکەدا ئەڵقە دەبەستن. زیکری قیام بە پێوە دەکرێ. بۆ ئەم زیکرە موریدەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ و هاوکات لەگەڵ دووبارەکردنەوەی زیکرەکان، سەری خۆیان دەجووڵێنن و بەئارامی هەنگاو دەنێن. چۆنێتی لێدانی ئامێرەکان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی جووڵەیەکی خاو لە سەروملی ئەواندا. وردەوردە کە ڕیتمی ئامێرەکان و کێشی سروودەکان خێراتر دەبنەوە، ئەوانیش ئارامی خۆیان لەدەست دەدەن. ناوبەناویش زیکری «یا اللە» لە زاری ئەوانەوە بەرز دەبێتەوە. لە زمانی کوردیدا بەم حاڵەتە دەڵێن حاڵ لێهاتن. دەروێشە پیاوەکان پێش ئاڵقەبەستنەکە پرچەکانیان بەر دەدەنەوە و یەک دەنگ لەگەڵ دەف و تاس «حی اللە» دەڵێن، ئەگەرچی لە نەریتی ژنەکاندا، هیچ پیاوێک نییە، ئەوان بە سەرپۆشەوە زیکر دەکەن و لە کاتی حاڵکردندایە کە قژیان پەرێشان دەبێ و هاوڕیتم لەگەڵ دەف و دوو تەپڵە لە کوورەی زیکرەکەدا، دەکەوێتە سەما.

## ئامێرەکانی مۆزیک لە خانەقاکاندا

ئەمڕۆکە لە زۆربەی نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکان مۆزیک لێ دەدرێ، کەچی بەڕێوەچوونی نەریتەکان بەو شێوەی ئێستا لە سەرەتاکانی ئیسلامدا باو نەبووە و دەستپێکەکەی بۆ سەردەمی عەبدولقادری گەیلانی و سەید ئەحمەدی ڕیفاعی دەگەڕێننەوە (تەوەککولی، ١٣٦٠: ١٧٤). سەمای ئایینی تەنیا لە ناو سوننە شافیعییەکاندا ڕێدراوە، مالیکی قەدەغەی کردووە و حەنبەلی بە باشی نازانێ (جاوید، ١٣٧٩). لێدانی دەف تەنیا لە نێو خانەقاکانی سوننەدا ڕێگەی پێدراوە (بولخاری قیهی، ١٣٩٥: ٤١).

هەرچەندە گوفتار لە بەڕێوەبردنی نەریتەکانی تایبەت بە خانەقاکان، شوێنێکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەمە ئامێرەکانی موزیکن کە دەوری سەرەکیتر دەگێڕن، بە ڕیتمەکانی تایبەت بە خانەقاکان بەزم دەڵێن. «حی اللە»، «بەرووپشت»، «حەددادی»، «غەوسی»، و «دایم» باوترین بەزمەکانی تایبەت بە خانەقاکانن. «حی اللە» دەستپێکی زیکری قیامە و «دایم» دوا زیکریەتی. قیام بە خوێندنی دوعا و فاتیحە کۆتایی پێ دێ. لە هەر دانیشتنێکی هەفتانەدا، هەموو بەزمەکان لێ دەدرێت. ناوبەناویش شێخ و موریدەکان بە مەبەستی تەلقین تازەکردنەوەی موریدەکان و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانی بێ باوەڕ بۆ لای تەریقەت، سەردانی ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی ئایینی خۆیان دەکەن. لەم سەفەرانەدا کە بە ناوی ئیرشادەوە بەناوبانگە، هەندێک لە ئامێرەکان نابرێن و لەگەڵ ئەوەی کە نەریتی سەمای ئایینی لە خانەقاکاندا بێجووڵە، یان زۆر بەئارامی بەڕێوەدەچێ. لە کاتی ئیرشاددا لێدانی موزیک و حەیکردن بە ڕێکردنەوە و لە

دەرەوە ئەنجـام دەدرێ.

## بەکارهێنانی دۆخی ئامێرەکان لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندیدا

لـە حاڵـی حـازردا دانیشـتنی هەفتانـە سـەرەکیترین شـوێنی دەرکەوتنـی تـاس و دووتەپڵەیـە لـە کوردسـتاندا (وێنـەی ژمـارە ١ و ٢). دەڵێـن کـە پـاش سـەرهەڵدانی تەریقەتـەکان لـە ناوچـە سـوننەکاندا، ئـەم ئامێرانـە بـە مەبەسـتی زیادکردنـی یەکدەنگـی ڕێ دراونەتـە نێـو خانەقاکانـەوە و لـە تەنیشـت ئامێرگەلێـک وەک دەف و شمشـاڵ و بـە مەقامگەلێـک وەک «لاالەالااللـە» بـەکار هاتـوون (نەقیـب سەردەشت، ١٣٨٥: ٣٥٤). لە بەکارهێنانی تاس و دووتەپڵەشدا ئـەم بۆچوونـە هەیـە کـە پێستی بـەکار هێنـراو لـەم ئامێرانـە، هێمـای گیانـی مرۆڤـە و کوتـان بـە سـەریدا وەکـوو تەقەللایەکـە کـە مـرۆڤ بـۆ خاوێنکردنـی گیـان و دڵـی دەیـکات. دووتەپڵـە بـۆ پیشـاندانی شـەڕ لەگـەڵ نەفسـی مـرۆڤ چۆتـە نێـو خانەقاکانـەوە (هەمـان).

نەریتـی سـەما بەگشـتی بەڕیتمـی خـاوەوە دەسـت پـێدەکا و وردەوردە خێـرا دەبێـت. بـۆ لێدانـی دووتەپڵـەش پێویسـتە کـە تەنیـا چەنـد زنجیرێکـی ئیقاعـی پازدەیـی، دوازدەیـی، شەشـی و چـار خولیـی یـەک لـەدوای یـەک لـێ بدرێـت. زیادکردنـی یەکدەنگـی لـە زیکـری قیـام، خسـتنەڕووی دەنـگ و ڕیتمـی دەف و ورووژاندنـی سـۆز و حـەز لـە دەروێشـەکان لـە ئەرکەکانـی تاس لـە زیکری قیـام دایـە (دەروێشـی، ١٣٨٤: ٢٦٠). لـە زیکرەکانـی نێـو خانەقاکانـدا تەنیـا سـوود لـە یـەک تـاس و یـەک دوو تەپڵـە وەردەگـرن.



وێنەی تاس و دوو تەپڵە

**پەراوێز:**

١- ئـەم وتـارە بـە هـاوکاری مامۆسـتا نەرگیز زاکـر جەعفـەری نووسـراوە و لـە ژمـارەی ١٤ گۆڤـاری پەژوهێشـهای ئینسانشناسـی ئێـران بڵاوبووەتـەوە.

٢- بـە شـوێنی کۆبوونـەوەی دەروێشـەکانی قادری تەکیە و بە هی سۆفییەکانی نەقشبەندی، خانەقا دەڵێین. تەکیە تەنیا عیبادەت و زیکری تێدا دەکرێ، بەڵام خانەقا شوێنێک بۆ وانـەی دینی، ئامـۆژگاری و نانـدان بـە هـەژاران و لێقەوماوانیـش بـووە. سـەرەڕای ئـەم جیاوازییـە بۆ خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی هـەر دوو وشـەکە و دوورگرتـن لـە بێزاربوونـی خوێنـەر لـە خوێندنـی دەقەکـەدا، تەنیـا یەکیـان هاتـووە